﴿شَهۡرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ﴾

# تەفسیری ئایەتەکانی ڕۆژوو

## لە سورەتی (البقرة)

### لە تەفسیری ڕێبەر

---


لە بڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org

walamakan.com

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الْـحَمْدَ للَّـهِ نَحْمَدُهُ ، وَنَسْتَعِيْنُهُ ، وَنَسْتَغْفِرُهُ ، وَنَعُوْذُ بِاللَّـهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا ، وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا ، مَنْ يَهْدِهِ اللَّهُ ؛ فَلا مُضِلَّ لَهُ ، وَمَنْ يُضْلِلْ ؛ فَلا هَادِيَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ ، وَرَسُولُهُ ... أَمَّا بَعْدُ :

بە بۆنەی هاتنی مانگی پیرۆزی ڕەمەزانەوە وەکو ستافی ماڵپەڕی وەڵامەکان پێمان باش بوو کە تەفسیری ئایەتەکانی ڕۆژوو لە سورەتی (البقرة) بە شێوەی نامیلکە پێشکەشتان بکەین بە هیوای ئەوەی سودمەند بێ بۆ سەرجەم موسڵمانان و خوێنەران .

وە تەفسیری ئایەتەکانیشمان لە تەفسیری ڕێبەر وەرگرتووە ، خوای گەورە پاداشتی بەڕێز مامۆستا صلاح الدين بداتەوە

ستافی وەڵامەکان

أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ
تَتَّقُونَ ﴿١٨٣﴾ أَيَّامٗا مَّعۡدُودَٰتٖۚ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٖ فَعِدَّةٞ مِّنۡ أَيَّامٍ أُخَرَۚ
وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدۡيَةٞ طَعَامُ مِسۡكِينٖۖ فَمَن تَطَوَّعَ خَيۡرٗا فَهُوَ خَيۡرٞ لَّهُۥۚ وَأَن تَصُومُواْ خَيۡرٞ
لَّكُمۡۖ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿١٨٤﴾ شَهۡرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ هُدٗى لِّلنَّاسِ
وَبَيِّنَٰتٖ مِّنَ ٱلۡهُدَىٰ وَٱلۡفُرۡقَانِۚ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهۡرَ فَلۡيَصُمۡهُۖ وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوۡ عَلَىٰ
سَفَرٖ فَعِدَّةٞ مِّنۡ أَيَّامٍ أُخَرَۗ يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلۡيُسۡرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلۡعُسۡرَ وَلِتُكۡمِلُواْ
ٱلۡعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُواْ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَىٰكُمۡ وَلَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ﴿١٨٥﴾ وَإِذَا سَأَلَكَ
عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌۖ أُجِيبُ دَعۡوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِۖ فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لِي وَلۡيُؤۡمِنُواْ بِي لَعَلَّهُمۡ
يَرۡشُدُونَ ﴿١٨٦﴾ أُحِلَّ لَكُمۡ لَيۡلَةَ ٱلصِّيَامِ ٱلرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَآئِكُمۡۚ هُنَّ لِبَاسٞ لَّكُمۡ وَأَنتُمۡ لِبَاسٞ لَّهُنَّۗ
عَلِمَ ٱللَّهُ أَنَّكُمۡ كُنتُمۡ تَخۡتَانُونَ أَنفُسَكُمۡ فَتَابَ عَلَيۡكُمۡ وَعَفَا عَنكُمۡۖ فَٱلۡـَٰٔنَ بَٰشِرُوهُنَّ
وَٱبۡتَغُواْ مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمۡۚ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلۡخَيۡطُ ٱلۡأَبۡيَضُ مِنَ ٱلۡخَيۡطِ ٱلۡأَسۡوَدِ مِنَ
ٱلۡفَجۡرِۖ ثُمَّ أَتِمُّواْ ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيۡلِۚ وَلَا تُبَٰشِرُوهُنَّ وَأَنتُمۡ عَٰكِفُونَ فِي ٱلۡمَسَٰجِدِۗ تِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِ
فَلَا تَقۡرَبُوهَاۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ ءَايَٰتِهِۦ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ ﴿١٨٧﴾ ﴾ البقرة: ١٨٣ – ١٨٧

## فەرز بوونی رۆژووی مانگی رەمەزان

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ﴾ ئەی باوەڕداران ئێوە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانتان لەسەر فەرز کراوە

﴿كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ﴾ هەروەکو چۆن لەسەر ئوممەتانی پێش ئێوەش فەرز کرابوو

﴿لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ (١٨٣)﴾ بەڵکو تەقوای خوای گەورە بکەن

﴿أَيَّامًا مَعْدُودَاتٍ﴾ مانگی ڕەمەزان چەند ڕۆژێکی دیاریکراوە (٢٩ یان ٣٠ ڕۆژە)

﴿فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ﴾ جا هەر کەسێك لە مانگی ڕەمەزاندا نەخۆش بوو نەیتوانی بەڕۆژوو بێت یاخود لە سەفەردا بوو ڕێبوار بوو لە دەرەوەی شار بوو

﴿فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ ئەوە ئەتوانیٚ لە دوای ڕەمەزان بە قەزا ئەو ڕۆژانە بگێڕێتەوە

﴿وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ﴾ وە ئەو کەسانەی کە ڕۆژوو نارەحەت و مەشەقەیە لەسەریانو لە توانایاندا نییە وەکو پیرەمێردو، پیرەژنو، ئافرەتی دووگیانو شیردەرو، نەخۆشی بەردەوام ئەوە فیدیە ئەدەن لەبری هەر ڕۆژێك خواردنی فەقیرێك، یاخود نیو ساع لە خواردن ئەدات کە ساعێك دوو کیۆ و چل گرامە، وە لە سەرەتای ئیسلامدا خەڵکی سەرپشك بوون لە بەڕۆژوو بوون یان فیدیە دان ئارەزوی خۆیان بوو پاشان بە بەڕۆژوو بوونی مانگی رەمەزان نەسخ بووەوەو فیدیە بۆ پیرو بەساڵاچوو و ئافرەتی دووگیانو شیردەرو نەخۆشی بەردەوام مایەوە

﴿فَمَنْ تَطَوَّعَ خَيْرًا فَهُوَ خَيْرٌ لَهُ﴾ ئەگەر کەسێکیش زیاتر ئەدات لەبری هەر ڕۆژێك کۆمەڵێك خەڵك تێر ئەکات یان چەند کیلۆیەك ئەدات ئەوە زیادە خێرێکە بۆ خۆی ئەیکاتو باشترە بۆی

﴿وَأَنْ تَصُومُوا خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ (١٨٤)﴾ بەڵام کە بتوانن بەڕۆژوو بوون باشترە بۆتان ئەگەر ئەزانن

﴿شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ﴾ مانگی ڕەمەزان ئەو مانگەیە کە خوای گەورە قورئانی پیرۆزی تیادا ناردە خوارەوە هەر هەمووی بەیەکجار لە (لوح المحفوظ)ەوە بۆ (بیت العزة) لە ئاسمانی دونیا، یاخود وتراوە: یەکەم ئایەت لە مانگی ڕەمەزان دابەزیوە لە شەوی قەدردا

﴿هُدًى لِلنَّاسِ﴾ ئەم قورئانە هیدایەتە بۆ هەموو خەڵکی

﴿وَبَيِّنَاتٍ مِنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ﴾ وە ڕوونکەرەوەی ئەو هیدایەتەیە وە فورقانیش ئەوەی کە جیاکاری ئەکاتە نێوان حەق و باتڵ هەمووی ڕوونکراوەتەوەو درێژ کراوەتەوە

﴿فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ﴾ هەر کەسێك لەو مانگەدا ئامادەبوو لە شاری خۆی بوو موقیم بوو ئەوا با بەڕۆژوو بێت

﴿وَمَنْ كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ﴾ بەڵام کەسێك کە نەخۆش بوو یان لەسەفەردا بوو

﴿فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ ئەوە ئەتوانیٚ لە دوای ڕەمەزان لە چەند ڕۆژێکدا ڕۆژووەکانی بەقەزا بگێڕێتەوە

﴿يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ﴾ خوای گەورە ئاسانکاری بۆ ئێوە ئەویٚ بۆیە ڕێگای بەنەخۆش و موسافیر داوە کە بەڕۆژوو نەبن

﴿وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ﴾ وە خوای گەورە نایەوێ شت لەسەر ئێوە قورس بکات

﴿وَلِتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ﴾ وە بۆ ئەوەی کە بەقەزاکردنەوەی ئەو ڕۆژانە ماوەکەو مانگەکە تەواو بکەن

﴿وَلِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ﴾ وە بۆ ئەوەی کە الله أكبر بکەنو خوای گەورە بە گەورە بزانن، وە کە ڕۆژوو تەواو ئەبێتو ئـــێـــوە ئەچن بۆ جەژن الله أكبر بکەن لەسەر ئەوەی کە خوای گەورە هیدایەتی داون

﴿وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (١٨٥)﴾ وە بەڵکو شوکرانەبژێری خوای گەورە بکەن

﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ﴾ ئەی محمد ﷺ ئەگەر بەندەکانی من پرسیاری منیان لێت کرد ئەوە من لێیانەوە نزیکم بە زانستو زانیاریو بیستنو بینینو تواناو دەسەڵاتو ویستو ئیرادە، بەڵام زاتی پیرۆزی خوای گەورە لەسەر عەرشە

﴿أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ﴾ هەر کەسێك لە من بپاڕێتەوە ئەوا وەڵامی ئەدەمەوە یان ئەوەتا بۆی جێبەجێ ئەکەم، یان بە ئەندازەی ئەوە بەڵاو موسیبەتی لەسەر لائەدەم، یان لە قیامەتدا پاداشتی ئەدەمەوە

﴿فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ (١٨٦)﴾ بەڵام بەو مەرجەی ئەوانیش با لە من بپاڕێنەوە، یان وەڵامی بانگەوازی من بدەنەوە،وە با ئیمانم پێ بێنن بەڵکو خوای گەورە بیانخاتە سەر ڕێگای ڕاستو هیدایەتیان بدات.

## هەندێك لە ئەحكامەكانی ڕۆژوو

﴿أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَى نِسَائِكُمْ﴾ لە شەوانی ڕەمەزاندا خوای گەورە بۆتانی حەڵاڵ كردووە كە بچنە لای خێزانەكانتان و جیماعیان لەگەڵدا بكەن

﴿هُنَّ لِبَاسٌ لَكُمْ وَأَنْتُمْ لِبَاسٌ لَهُنَّ﴾ ئەوان پۆشاكن بۆ ئێوە ئێوەش پۆشاكن بۆ ئەوان لەبەر ئەوەی تێكەڵی یەكتری ئەبن

﴿عَلِمَ اللَّهُ أَنَّكُمْ كُنْتُمْ تَخْتَانُونَ أَنْفُسَكُمْ﴾ خوای گەورە ئەزانێ كە ئێوە خۆتان بۆ ناگیرێ لە شەوانی ڕەمەزاندا كە نزیك ئەبنەوە لە خێزانەكانتان وەك ئەوەی كە خیانەت ئەكەن كە ئەگەر حەڵاڵ نەبوایە

﴿فَتَابَ عَلَيْكُمْ﴾ بۆیە خوای گەورە تەوبەی لێتان قبووڵ كرد وە ڕێگای پێتان دا لە شەوانی ڕەمەزاندا بچنە لای خێزانەكانتان

﴿وَعَفَا عَنْكُمْ﴾ وە لێتان بووراوەو بۆی ئاسان و فراوان كردن

﴿فَالْآنَ بَاشِرُوهُنَّ﴾ ئێستا ئێوە ئەتوانن بچنە لای خێزانەكانتان

﴿وَابْتَغُوا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ﴾ ئەوەیشی كە خوای گەورە بۆی نوسیوون داوای بكەن، واتە: بۆ ئەوەی منداڵتان ببێ، یاخود مەبەست شەوی قەدرە بەدوای شەوی قەدردا بگەڕێن

﴿وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ﴾ ئێوە بە شەوان بخۆن و بخۆنەوە تا پەتی سپی لە پەتی ڕەش بۆتان جیا ئەبێتەوە لە فەجردا كە هێڵە سپییەكە ئەوەیە كە لە ئاسۆدا بەپانی دەرئەكەوێ فەجری صادقە نەك ئەوەی وەكو كلكی گورگ باریكە ئەوەیان فەجری كاذبە، **سەرەتا ئەوەی بیویستایە بەڕۆژوو بێت پەتێكی**

سپیو پەتێکی ڕەشی دەبەستە پێیەوە بەردەوام دەبوو لە خواردنو خواردنەوە تا دەیبینینو دەردەکەوتن خوای گەورە ﴿مِنَ الْفَجْرِ﴾ دابەزاند ئەو کاتە زانیان مەبەستی خوای گەورە شەو و ڕۆژە (الصحيح المُسنَد)

﴿ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ﴾ (قەیسی کوڕی صیرمەی ئەنصاری) بەرۆژوو بوو لە کارکردن گەڕایەوە بە خێزانەکەی وت: هیچ خواردن هەیە؟ وتی: نەخێر، بەڵام دەڕۆم بزانم شتێکت بۆ پەیدا ناکەم، تا هاتەوە ئەم خەوی لێکەوت، لە سەرەتادا ئەوەی پێش ڕۆژوو شکاندن خەوی لێبکەوتایە نابوایە تا سبەی ئێوارە هیچی بخواردایە، ئەمیش سبەی نیوەڕۆ لەهۆش خۆی چوو بورایەوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ باسکرا خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند، (الصحيح المُسنَد): لە فەجری صادقەوە بەڕۆژوو بن وە خۆتان بگرنەوە لە خواردن و خواردنەو جیماع کردن لەگەڵ خێزانەکانتان تا شەو، هاوەڵان بە دابەزینی ئەم ئایەتە زۆر دڵخۆش بوون

﴿وَلَا تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنْتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ﴾ وە لە دە شەوی کۆتایی کە ئیعتیکافتان کردووە لە مزگەوتدا ئەوکاتە بە شەویش نابێ بچنە لای خێزانەکانتانو لێیان نزیك ببنەوە ئەوکاتە ئیعتیکافەکەتان هەڵئەوەشێتەوە

﴿تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَا﴾ ئا ئەمە سنووری خوای گەورەیە ئێوە لە سنوورەکانی خوا نزیك مەبنەوەو مەیبەزێنن

﴿كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ (١٨٧)﴾ بەم شێوازە خوای گەورە ئایەتەکانی بۆ خەڵکی ڕوون ئەکاتەوە بەڵکو تەقوای خوای گەورە بکەن

﴿وَلَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ﴾ وە ئێوە لە نێوان یەکتریدا ماڵەکانتان بە باتڵ و پووچەڵ مەخۆن وەکو فاڵچی کە پارەی خەڵکی بەناحەق ئەخوا، یان ئەوەی کە لەشفرۆشی ئەکات، یان ئەوەی کە پارەی عەرەق ئەخوا، یان پارەی خەڵکت لەلا بێتو بەڵگەیان نەبێتو تۆیش نکوڵی لێ بکەیت، یان هەر شتێك کە حەرام بێت

﴿وَتُدْلُوا بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ﴾ وە ماڵەکانتان مەدەن بە حاکم و دەسەڵاتدارەکان وەکو ڕەشوەو بەرتیل

﴿لِتَأْكُلُوا فَرِيقًا مِنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالْإِثْمِ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ (١٨٨)﴾ بۆ ئەوەی هەندێك لە ماڵی خەڵکی بخۆن بە ناحەقو زوڵم وە کاتێك کە خۆشتان ئەزانن کە ئەمە حەرامە وە ماڵی ئێوە نییە وە بۆتان دروست نییە

﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ﴾ ئەی محمد ﷺ پرسیارت لێ ئەکەن دەربارەی مانگی یەك شەوە تۆ پێیان بڵێ: ئەوە میقاتو کاتی دیاریکراوە بۆ خەڵکی بۆ بەڕۆژوو بوونیانو بۆ هاتنی ڕەمەزانو جەژنو حەجو بۆ عیددەی خێزانەکانیان

﴿وَلَيْسَ الْبِرُّ بِأَنْ تَأْتُوا الْبُيُوتَ مِنْ ظُهُورِهَا وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنِ اتَّقَى﴾ وە چاکە ئەوە نیە کە لە پشتەوە بچنە ناو ماڵەکانی خۆتانەوە، بەڵکو چاکە ئەوەیە کەسێك تەقوای خوای گەورە بکات

﴿وَأْتُوا الْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَابِهَا﴾ **ئەنصاریەکان سەرەتا وابوون لە پاش ئەوەی کە حەجیان تەواو ئەکرد لە پشتەوە ئەچوونەوە ناو ماڵی خۆیان، پیاوێك لە دەرگاوە چووە ماڵی خۆیان ڕەخنەیان لێ گرت، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند،** (الصحيح المُسنَد)، واتە:وە لە

دەرگاوە بچنە ژوورەوە، یان هەموو ئیشێك لە شوێنی دیاریکراو و تایبەتی خۆیەوە بکەن

﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (١٨٩)﴾ وە تەقوای خوای گەورە بکەن بەڵکو خوای گەورە سەرفرازتان بکات

﴿وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا﴾ وە لە پێناو خوای گەورە کوشتاری ئەو کەسانە بکەن کە کوشتارتان ئەکەن بەڵام دەستدرێژی مەکەن بەتایبەتی لە مانگە حەرامەکان (أشهر الحرم)، کە (ذو القعدة و ذو الحجة و موحەرەم و ڕەجەبە) یاخود بەوەی کە ئەو کەسانە بکوژن کە شەڕیان نەکردووە لە ئافرەت و منداڵ و پیرو پیاوی کەنیسەو کڵێسە، وە لە داربڕین و ئاژەڵ کوشتن و شێواندنی لاشەی کوژراوان ئەمانە هەمووی دەستدرێژیەو

﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ (١٩٠)﴾ بەڕاستی خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆش ناوێ کە دەستدرێژی ئەکەن

﴿وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ﴾ وە ئێوەش لە هەر شوێنێکدا بینیانتان وە زاڵ بوون بەسەریاندا دەسەڵاتتان بەسەریاندا هەبوو کوشتاری کافران بکەن هەروەکو چۆن ئەوان کوشتاری ئێوە ئەکەن

﴿وَأَخْرِجُوهُمْ مِنْ حَيْثُ أَخْرَجُوكُمْ﴾ وە لە ماڵ و حاڵی خۆیان دەریان بکەن هەروەکو چۆن ئەوان ئێوەیان لە مەککە دەرکردووە

﴿وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ﴾ وە فیتنە لێرە بەمانای کوفرو شیرك دێتکە قورسترو سەختترە لە کوشتن، ئەوان ویستوویانە ئێوە بگەڕێننەوە بۆ شیرك و کوفر.